ئایا هەواڵتان پێ نەدەم سەبارەت بە شتێک کە پلەی لە ڕۆژوو و نوێژ و خێر کردن بەرزترە؟

لە ئەبی دەردائەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: ««ئایا هەواڵتان پێ نەدەم سەبارەت بە شتێک کە پلەی لە ڕۆژوو و نوێژ و خێر کردن بەرزترە؟» ووتیان: بەڵێ (پێمان بڵێ)، فەرمووی: «ئاشتکردنەوەی خەڵکییە، چونکە تێکدانی پەیوەندی نێوان خەڵکی تاشەرە (ئایندارى دەتاشێت و لەناوی دەبات)».

[سەحیح - ڕاست)] [(أبو داود والترمذي) ڕیوایەتیان کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پرسیاری لە هاوەڵانی کرد: ئایا هەواڵتان پێبدەم سەبارەت بە کردەوەیەك کە پاداشتی باشترە لە نوێژ و ڕۆژوو و خێری سوننەت؟ ووتیان: بەڵێ. فەرمووی: بەدیهێنانی ئاشتەوایی لە نێوان دوو کەسی ناکۆک، چونکە ناکۆکی دەبێتە هۆی پەرتەوازەیی و نامۆیی و ڕق و کینە و پشتکردن لە یەکتر لە نێوان خەڵکیدا، چونکە سەرەنجامی تێکچوونی پەیوەندی نێوان خەڵکی بەهۆی ڕق و کینەوە، ئەمیش ئەو خەسڵەتەیە کە دەبێتە هۆی لەناوچوون و بنبڕکردنی ئاین و دنیا؛ هەروەکو چۆن مووس هەمووموویەك بنبڕ دەکات.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/66252